# کوردینه، سەروەرییەکی دیکە

## ڕاگەیەندراوی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان سەبارەت بە قۆناغی دووهەمی هەڵبژاردن

**رۆڵە بەشەرەفەکانی گەلی کورد!**

رۆژی هەینی رابردوو 27ی جۆزەردان، بە بەشدارینەکردن لە شانۆگەریی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران و تەحریمی لێبڕاوانەی، سەروەرییەکی نەتەوەییتان تۆمار کرد و شکستێکی گەورەتان بە سەر رژیمی داگیرکەری ئاخوندی هێنا. شوێن و ئاسەوارەکانی ئەو هەڵوێستە مێژوییەتان، تا سەر ئێسقان کاری لە رژیم کردووە و لە داهاتوودا باشتر دەردەکەون!

لە ئاکامی هەڵوێستی ئێوە و رۆڵە ئازادیخوازەکانی گەلانی ئێران، رێبەرایەتی رژیم نەیتوانی گەلاڵە و پلانی خۆی لە خولی یەکەمدا سەربخا و کەوتە قۆناغی دووهەم.

**کوردینه!**

هەموو ئەو هۆیانەی بوونە هۆکاری تەحریمی ئەو بەناو هەڵبژاردنە، بۆ دووپاتکردنەوەی هەمان هەڵوێست لە قۆناغی دووهەمدا لە شوێنی خۆیاندا ماون. بەڵام پێویستی و گرینگی تەحریم و تڕۆکردنی رێژیم و سەرانی بڕیار بە دەستی، گەلێك زیاتر بوون.

رەفسنجانی و ئەحمەدی نژاد هەردووکیان دوو تیرۆریست و جینایەتکاری ناسراون. گەلی کورد لە سەردەستی ئەوان تووشی خەسارەتی گەورە ودڵتەزێن هاتووە. ئەوان دەوری گرینگیان لە تێرۆری قاسملوو و شەرەفکەندی لە ئۆتریش و ئاڵمان هەبووە؛ رەفسەنجانی بڕیاردەری تیرۆری سەعیدی یەزدانپەنا و دەیان خەباتگێری دیکە بوو لە باشوری کوردستان؛ شانازیی ئەحمەدی نژاد لێدانی 1000 تیری خەلاسە لە مێشکی ئازادیخوازانی ئێعدامکراو لە زیندانەکانی کۆمای ئیسلامیدا.

ئەو دوو جینایەتکارە کە ئەمرۆ کاندیدای رەکەبەری یەکترن بۆ سەرۆکایەتی ئێران، یەك لە یەك خەراپترن و کەسیان لەوی دیکەیان باشتر نییە. بۆیە رەچاوکردنی هەڵبژاردن لە نێوان خراپ و خراپتردا، لە نێو ئەواندا هەڵەیە و بە قازانجی کۆماری ئیسلامی تەواو دەبێ.

**رۆڵە ئازادیخوازەکانی گەلی کورد!**

هـەموو تـاقم و بانـدەکانی رژێـم، سـەرەڕای جیـاوازی و ناکۆکیـەکانیان، بانگەشـە بـۆ هەڵبـژاردن دەکەن و بەشداریی خەڵك لەو شانۆگەرییەدا بە"چارەنووس ساز" دادەنێن!

ئێمـە و هـەموو رێبـوارانی رێگـای ئـازادی کـورد و کوردسـتان، چـاومان لێتانـە کـە سـەرورەریی هـەینی رابـردوو بژێیننـەوە و بـە بەشـدارینەکردنتان و چارەنووسـی رێـژیم بـەرەو رووخـان و هەڵوەشانەوە پاڵدەن.

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**کۆمیتەی ناوەندی**

1**ی پووشپەڕی** 2705

22**ی ژوئەنی** 2005


www.ruk2691.com

Email: ruk2691@yahoo.com -TEL: 009647504480467 کوردستان(ناوەندی)

Email: ruk_usa@yahoo.com , TEL: 202-4923-235, 519-489-062, 703-286-5389 ئەمریکا

Email: ruk.europa@betuwe.net - TEL: 0031263252693- Fax: 0031263252157 ئوروپا

ئادریس: باشوری کوردستان، هەولێر شەقامی شەست میتری، کۆڵانی19 ، گەڕەکی336 – مامۆستایان، ژمارەی خانوو(7)

TEL:2226682 - Mob: 4480467